# دیمانە یەک لەگەڵ نوسەرو هونەرمەند چالاک میرانی



دیمانە یەک لەگەڵ نوسەرو هونەرمەند
چالاک میرانی
سازدانی دیمانە
سالح بایاب لە ئاڵمان

چالاک میرانی یەکێکە لە نوسەرو هونەرمەندەکانی کوردستانی باشورناوی تەواوی (عومەرقاسم بەگ خورشید بەگ)ە لە 22/4/1973 لە شاری ڕواندز لەدایک بووەو بە

ڕەچەلەک دەگەرێتەوە بۆ سەر بنەماڵەی میرانی سۆران (بنە ماڵەی میر محەمەدی پادشای گەورە) ، هەر لەمنداڵیەوە نازناوەی (چالاک) ی پێی ووتراوە کە دوا بەرهەمی نوسینی کتێبی( ڕواندز قەڵای خەبات و کوردایەتی ) بوو کە لە ساڵی 2005 لەسەر ئەرکی خۆی چاپی کرد و لە بواری هونەریش کە دەرچوی پە یمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر– بەشی موزیکە دوا بەرهەمی زیندووکردنەوەی سرودی نیشتیمانی (واوەتەن) بوو لەپیشەیشدا مامۆستای بەشی موزیکی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێربوو، ئێستاش لە ووڵاتی ئاڵمانیا لە شاری بەرلین ئەژیت بەهۆی ئەوەی کە لە یەک شوێن ئەژین لە نزیکەوە ئاشنایەتیم لە گەلی پەیدا کرد جا سەبارەت بە ئاگابونی خوێنەران لەژیانی رابردوو و ئێستای ، بەهەلمان زانی کە چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین.
.

پ / سەرەتای ژیانی هونەری و ئەدەبیت چۆن دەستی پێ کرد؟

و/ سەرەتای ژیانی هونەریم ئەگەرێتەوە بۆ هاوینی سالی 1988 کە خولێکی فێربونی موزیک لەلایەن مامۆستای خۆشەویستم (م.لوقمان جەوهەر) کرایەوە، ئەوە بوو منیش وەکو هونەر خوازێک لەم خولە بەشداربوم بەڵام ژیانی هونەری شانۆم لەساڵی 1992 دەستی پێ کرد و هەرچی نوسینی وتارو کتێب بوو ساڵی 1997 دەستم پێکرد.

پ/لەخولەکەدا جگە لە تۆ کێ ی تر بەشدار بوو کە ئێستا لە بواری کاری هونەری موزیک بەردەوام بێت؟

و/کاک بڵند عەبدوڵڵەی موزیک ژەن و گۆرانی بێژ و مامۆستایان کاوە عەبدوڵڵە و تابان موحسین و ئارام سەردار لەگەڵ هونەرمەندان زیرەک ژێدارو فەرهاد زرار و چەند هاورێیەکی تر کە ئێستا نایەتەوە بیرم.

پ/ ئەی لەبواری شانۆ؟

و/ من وەکو ئەکتەر لەسالی 1992 تاکو 1998 ئەندامی تیپە میللیەکانی شاری هەولێر بووم لەگەڵ هو نەرمەندان عەلی عەبدولباقی و ستارعەبدولباقی و بڕیارعوسمان وهەدار ئەنور و دارا حەمەدەمین و کاوە حەسەن ورزگار نانەکەلی وبەهرەوەر مەرزانی و خەتاب کاروانی و چەند ئەکتەرو دەرهێنەرێکی تر کە شانۆگەری (دەریا) یەکەم بەرهەم بوو بەشداریم کرد بەدەوری (پیاوە کورتە باڵاکە.(

پ/ئەی شانوگەریەکانی ترکە بەشدار بوویت؟

و/ شانۆگەری (وەی لە بەرئەو بەرەڵایەی مرم) لە نوسین و دەرهێنانی بڕیارعوسمان و شانۆگەری (موچەخۆری ئەمرۆ) نوسین و دەرهێنانی ستارعەبدولباقی و شانۆگەری چارە نو س و شانۆگەری حەپەلۆری مێشەخۆر و چەند شانۆگەرێکی تر

پ/ هەردوو هونەری شانۆ و موزیک چ پەیوەندی و کاریگەریەکیان هەیە بۆ

سەر یەکتری؟

و/ هەر یەکەیان لەڕووی چەمکەوە هونەری سەربەخۆن بەڵام لە شانۆگەریەکدا موزیک بەپێی گوزارشتی دەقە شانۆییەکە جوانی ئەبەخشێتە شانۆگەریەکە ئەویش جوانی خۆی و موزیکەکە لە یەک کاتدا ئەبەخشێتە بینەرەکەی ، بەم جۆرە پەیوەندی لەنێوانیان دروست ئەبێت و کار لە یەکتری ئەکەن و ئاوێتەی یەکتری ئەبن.

پ/ گرنگترین کارە هونەریە کانت لە بواری موزیک چین؟

و/جگە لەبەشداری کردنم لە ڤیستیڤاڵەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێر وچالاکی قوتابخانەکان و تۆمارکردنی چوار گۆرانی منداڵان بۆ کەناڵە تەلەفزیونیەکان و کلیپ کردنی پارچە موسیقای ( پێش درامای ئیسفەهانی) لە دانانی جەوادی مەعروفی و سیناریۆی سەدیق حوسێن و دەرهێنانی هەست هەروەها دامەزراندن و سەرپەرشتی کردنی تیپی موزیکی بەهرەمەندان وە بەستنی کۆر لەسەر بابەتەکانی موزیک لە شوێنە جیا جیاکانی کوردستان.و نوسینی کتیبی پەنجا گۆرانی بۆ منداڵان بە نۆتەی موزیکەوە بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی بەڵام دەرفەتی چاپ کردنم بۆ نەرەخساوە.هەروەها نوێ کردنەوەی سرودی واوەتەن بە هاوکاری قوتابیەخۆشەویستەکانم
وەکو پیشەیی مامۆستای موزیک کردنەوەی 23 خولی فێربونی موزیک لە شوێنە جیا جیاکان ، وە لەگەڵ چەند کارێکی تری هونەری.

پ/ سەرکەوتوترین ئارەزومەند و قوتابیەکانت لەم خولانە کە ئێستا لە کاری هونەری بەردەوام بن کێن؟

و/خۆشەویستانم هەرێم محمەد و گۆڕەزدلشاد و هەکاری ستارو حسن جاف و خالد محمد و فەرمان عەبدولرەزاق و هیمداد ئەحمەد و ساماڵ باڵەبان و داستان حەمید و کاروان عەلی و ڕێبوار خۆشناو.

پ/جۆن دەروانیتە ئێستای گۆرانی و موزیکی کوردی؟

و/ لە لایەک بنیادنان و لە لایەکی تریش تێکدان.

پ/ لە بواری نوسین یەکەم بەرهەمت چی بوو ؟

و/ بڵاو کردنەوەی نوسینی ووتاری ( لە بیرە وەریەکانی مام فەتحوڵڵای هونەرمەند دا) لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی لە سالی1997 و وەلەکتێبێش ( پارچە هەورێکی زیندووی سەر ئاسمانی شارەکەم) کە باسی لە بیرەوەریەکانی بنەماڵەی باویل ئاغای ڕواندزی ئەکرد

پ/ ئێستا خەریکی چیت؟

و/ خەریکی زیاتر خۆ بە زانست کردنم لە بوارەکانی هونەری و ئەدەبی لەگەڵ ڕاهێنان کردنی بەردوام بە ئامێری (کلارنێت) و فێربوونی زمانی ئاڵمانی و تەواوکردنی کتێبی (مۆسیقا گواستنەوەی ڕوحێکی تێنوە لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی تر.(

پ/ دووا ووتەت ؟

و/ زۆر سوپاس بۆ ئەم بە سەرکردنە وەیە